# ئەزموونی کورتی (هێزی ئەمان) دەریخستووە کە جەماوەرو کۆمەڵگا پێویستی بە وەها ئامرازێك هەیە، هەربۆیە کۆنگرەی ئازادی عێراق لەسەرێتی کە ئەم هێزە گەشەپێبدا

## چاوپێکەوتنی بڵاوکراوەی – الی الامام –ی عەرەبی لەگەل سمیر عادل سەرۆکی کۆنگرەی ئازادی عیراق سەبارەت بە پێکهێنانی (هێزی ئەمان) لە لایەن کۆنگرەوە

بڵاوکراوەی (الی الامام) کە بلاوکراوەیەکی عەرەبییە و لە لایەن حزبی کۆمۆنستی کرێکاریی عێراقەوە چاپ و بلاو ئەکریتەوە، گفتوگۆیەکی سەبارەت بە هێزی ئەمان و باڵی عەسکەری کۆنگرەی ئازادی عێراق لەگەل (سەمیر عادل) سەرۆکی کۆنگرەئەنجام دا. ئەم گفتوگۆیە کە لەلایەن باسل مهدی سەرنووسەری رۆژنامەی – الی الامام- بە زمانی عەرەبی ئەنجام دراوە و لەلایەن هاورێیان- رەمەزان صابر و ئازاد احمد -ەوە وەرگێڕدراوە بۆ زمانی کوردی.

..............................

**دوای بڕیاری مەکتەبی تەنفیزی کۆنگرەی ئازادی عێراق بۆ پێك هێنانی هێزی عەسکەری تایبەت بە کۆنگرە، وە ناو لێنانی بە هێزی ئەمان، ئایا پێتان وایە دروستکردنی هێزی چەکدار لەم بارودۆخەدا کە ئەو هەموو هێزە چەکدارو سوپایەی هەیە، ئەمنیەت بەرقەرار ئەکا لە عێراقدا وە ئایا کونگرە پێویستی بە هێزی سەربازی و چەکدار هەیە بۆ جێبەجێ‌کردنی بەرنامەکەی، وەدەرکردنی هێزی داگیرکەر ودامەزراندنی دەوڵەتێکی غەیرە قەومی و غەیرە دینی؟**

سەمیر عادل: پشنیاری ئێمە لە چەند بەڵگەنامەیەکی کۆنگرەی ئازادی عێراقدا خراوەتە روو وە دوایین بەڵگەنامە بڕیاری مەکتەبی تەنفیزی بوو دەربارەی بارو دۆخی سیاسی عێڕاق وهەڵوە شانەوەی هیزی چەکداری قەومی و تایفی بوو وە دەبێ لە ئەولەویاتی کاری ئەو حکومەتەدا بێ کە هەوڵی پیکهاتنی ئەدەین یان داوای پیکهاتنی ئەکەین وەهەڵوەشانەوەی هێزی چەکدار بووە بەیەکێك لە داخوازیە فەوریەکانی جەماوەر، ئێمە پشتیوانی لەم داخوازیە ئەکەین و کاری بۆ ئەکەین.

مافی داکۆکی کردن لە ژیان، مافی داکۆکی کردن لە خۆ. مافی مانەوە... ئەم مافانە مەشروعن و لە هەموو بەڵگەنامە جیهانیەکانی مافی مروڤ و دادگای تاوانەکان و دادگا سزاییەکانداجێگیر کراوە.

بە درێژای زیاتر لە سێ ساڵ ونیو داگیرکاری، هێزە چەکدارە قەومی و تایفیەکان دەورێکی گەورەیان هەبووە لە ئەنجامدانی قەسابخانەی خوێناوی و نقوم کردنی کۆمەڵگەی عێراقی لە دەریایەك لە خوێن بۆ درێژەپێدانی دەسەڵات و دزینی هەرچی زۆرتر سەروەت وسامانی جەماوەرو کۆمەڵگە، ئەم هێزە چەکدارانە لەلایەکەوە لەرێگەی تێکەڵ بوونیان بەوەزارەتی ناوخۆ و وەزارەتی بەرگریەوە بەرێگەی قانونی ئیمکاناتی ماڵی لە سەروەت و سامانی کۆمەڵ بۆخۆیان ئەبەن و یان لەرێگەی بەرتیل پێدانیان لەلایەن هێزە داگیرکەرەکانەوە بۆ ڕاکێشانیان بەلای خۆیانداو هاوکات بۆبەدەست هێنانی شەرعیەتی مانەوەیان لێرە. وەلەلایەکی ترەوە بوەتە هۆی تێکدانی سەلامەتی کۆمەڵ، وەئەم هێزە چەکدارانە ناوبانگیان دەرکردوە بەکوشتن لەسەربناغەی پێناس، جگە لەکرداری دزی وتالانی کەڕۆژانە ئەنجامی دەدەن بەبەرچاوی هەموو دنیاو هێزی داگیرکەرەوە. ئێمە بینیمان ڕۆژانە چۆن ئەم هێزە چەکدارانە ئەکوژن وسەرئەبرن و ئێرەیی بەناوچە ئازاد کراوەکان ئەبەن وخەڵکی بێتاوان ئەرفێنن دوای ئەوەی جیاوازی تایفیان بە سەریاندا سەپاند ودوای ئەوە لاشەکانیان دۆزیەوەو ئاسەواری ئەشکەنجەی پێوە دیار بوو ڕۆژانە تەنها لە بغداد زیاتر لە 100 کەس ئەکوژری وە هەمومان کرداری ڕێکخراومان بینی بۆ پاکتاوی ڕەگەزی، بۆیە بریارماندا پێش بەم چەکدارانە بگرین وە بریارماندا دیفاع لە کەس وکار وخێزان ومناڵەکانمان بکەین، بریارماندا بەوەی کە لە جێی ئەوەی کە هاوسێ ڕووی چەکەکەی بکاتە هاوسێکەی لەبەر ئەوەی شیعەیە، سوننەیە، کوردە، عەرەبە یان تورکمانە یان مەسیحی وموسڵمانە.... ڕووی چەکەکەی بکاتە ڕووی ئەو چەکانەی کە هەوڵ ئەدەن تۆوی ڕق و کینی قەومی و دینی و تایفی لە نێوان ڕیزەکانی جەماوەردا بچێنن، لەسەرمانە کە نەهێڵێن عێراق ببێتە کۆسوفۆ یان دارفور یان تەیموری شەرقی یەکی تر....

لە بارودۆخێکی وەهادا پێکهێنانی هێزێکی چەکدار بووەتە خواستێکی فەوری و بەپەلە بۆ دیفاع کردن لە ئەمنیەت و سەلامەتی جەماوەر، ئەم دەستە وتاقمە چەکدارانە ناچاریان کردین بە پێك هێنانی هێزی ئەمان وە دووبارە ئەلیم ناچار بووین بە دەست بردن بۆ دروستکردنی هیزی ئەمان.

له لایەکی ترەوە شێوازی پێکهێنانی هێزی ئەمان بە تەواوی جیاوازی هەیە لەگەڵ شێوازی پێکهێنانی ئەو هێزە چەکدارانەی باسمان کردن و هاوکات لەگەڵ ئەو ئامانجەی کە هێزی ئەمان پێکهاتووە لە پێناویدا. ئەم هێزە هەڵقولاوی ناو ڕیزەکانی جەماوەرە، ئەم هێزە لە هەمان ئەو گەڕەکانە پێکدێ کە پارێزگاری لە گەڕەکەکانی خۆیان ئەکەن لە ژێر ئالآی کۆنگرەی ئازادی عێراقدا، ولەهەر جێگەیەك کە هێزی ئەمان پێکدێت ماڵێکی جەماوەریش لەگەڵیدا ئەکرێتەوە، وەتۆ باش ئەزانی کە دەوڵەت و قانون لە عێراقدا وجودی نیە، بۆیە لەسەر هێزی ئەمانە کە مەنشوری کۆنگرە وەکو دەستور لەوگەڕەکانەدا بە ڕەسمی بناسێ، ئەم هێزانە تەنها بۆ دەستەبەرکردنی ئەمنیەت و سەلامەتی نیە لەو گەڕەکانەی کەبوونی هەیە بەڵکو لە پێناو ڕێکخستنی ژیانی خەڵکدایە کە دەستە و تاقمە تایفی و دزو جەردەکان تێکیان داوە.

عێراق بووەتە دارستانێك کە جگە لە قانونی چەك هیچ شتێك حوکمی ناکا، ناکرێ تەنها لە ڕێگەی ئامۆژگاری کردنی خەڵك و هاندانیان بۆ مانەوە لە کاتێکدا کە ڕۆژانە ڕوو بە ڕووی هەڕەشە ئەبنەوە بە هێزی چەك بۆ بە جێهێشتنی شوێنی ژیانیان یان ڕفاندنیان و بردنیان بۆ شوێنی نادیارو دواتر دانانی ئامێری دریل لە لایەن ئەم چەتانەوە لە سەر سەریان، ناکرێ لە ڕێگەی مەوعیزە ئەخلاقیەکانەوە خەڵك لە ژێر هەڕەشەی وەحشیانەی ئەم چەتە تایفی یانە دا بمێنێتەوە، جەماوەر پێویستی بە ئالیەتێکی کارایە بۆ دیفاع لە خۆی و مانەوەی لە شوێنی ژیانی خۆی، قەدەغە کردنی پاکتاوی ڕەگەزی لە دژی.

ناکرێ بەو کرێکارانە کە ڕۆژانە ئەڕفێندرێن وڕۆژانە ئەشکەنجە ئەدرێن ودوایش ئەکوژرین بڵێ ی خوتان ڕێکخەن وەکو فلآنە گەڕەك بە بێ ئەوەی پیشانیان بدەی کە چۆن خۆیان ڕێك بخەن و لە ژێر چ ئالآیەك داو پشت بە چی ئالیەتێك ببەستن. ئەم مەنتقە مەبەستم ئامۆژگاری ئەخلاقی و هۆشیار کردنەوە و ئیکتیفا کردن بە دەرکردنی بەیان بۆ قەدەغە کردنی سەربڕینی کرێکاران و پاکتاوی ڕەگەزی و وەستانەوە بەرامبەر بە چەتە تایفیەکان هەر ئەو مەنتقەیە کە مەلایەك یان قەشەیەکی دینی ورگی بەهەموو جۆرە خواردنێك تێر ئەکاو بانگەوازی هەژارەکان ئەکا بۆ ئارام گرتن و دان بە خۆدا گرتن لەم دونیاو بەدەست هێنانی بەختەوەری لە قیامەتدا.

ئەگەر بمانەوێ کۆچی سەدان هەزار کەس لە جەماوەر بۆ دەولەتانی دراوسێ یان بە جێهێشتنی ناوچەکەی خۆی و ڕۆیشتن بۆ شارەکانی تر لە ترسی پاکتاوی ڕەگەزی و کوشتنی کرێکاران ڕابگرین، ئەگەر بمانەوێ باوەڕ بەخۆ بوون بۆ جەماوەر بگەڕێنینەوە، ئەگەر بمانەوێ ئیرادەی شۆڕشگێرانە بۆ خەڵکی بگەڕێنینەوە پێویستە لە سەرمان کە ئالیەتێکی کارامان هەبێت بۆ پشت بەستن پێی، هێزی ئەمان ئەو ئالیەتەیە کەئەکرێ جەماوەری عێراق پشتی پێببەستن.

بەلآم دەربارەی بەشەکەی تری پرسیارەکەت، پێکهێنانی هێزی ئەمان بۆکردنە دەرەوەی هێزی داگیرکەر، ئەگەر مەبەستت بەکارهێنانی هێزی ئەمانە بۆ بەرەنگاربوونەوەی چەکدارانە لەپێناو دەرکردنی هێزی داگیرکەر، ئێمە پێشتر هەڵوێستی خۆمان لەزیاتر لەبۆنەیەکدا لەبەرامبەر بەرەنگاربوونەوەی چەکدارانە ڕۆشن کردۆتەوە ولەکاتی خۆیدا وتمان وجارێکی تر تەئکیدی لەسەر ئەکەینەوە ئێمە تاکتیکی بەرەنگاربوونەوەی چەکدارانە ناگرینەبەر لەپێناو دەرکردنی هێزی داگیرکەر، ئەم شێوازە زیانی بۆخەڵکی عێراق زۆر زۆر زیاترە لەقازانجەکەی، بەڵێ لێرەدا تەئییدێکی بەهێزو فراوان هەیە بۆچوونەدەرەوەی هێزی داگیرکەر، لەناوچە کوردیەکان لەکەرکوك تا بگاتە دوورترین شوێن لەباشووری عێراق لەبەسرە، بەلآم مەیلی تێکەڵ بوونی ئەم جەماوەرە بەڕیزی بەرەنگاربوونەوەی چەکدارانەوە زۆر کەمە، وەئەمەش ئەوە دەرئەخا کە کۆمەڵەکانی بەرەنگاربوونەوەی چەکداری لەسێ شار تێناپەڕێ لەعێراق وەپێئەچێ بەتایفی وناوچەیی وەسف بکرێ لەناوکۆمەڵگەدا. بۆ زانیاری زیاتر بڕواننە وتاری (جماعات المقاومه المسلحه وازمه الهويه ــ سمير عادل) کەلەڕۆژنامەی (معا نحو الحريه) ژمارە 9 ــ 10 وەڕۆژنامەی ( القدس العربى) لەبەرواری 4 ی کانوونی دوەمی 2006 بلاو بوونەتەوە ولێرەدا بوار نیە بۆچوونە ناو ئەو باسەوە.

بۆیە پێکهێنانی هێزی ئەمان مەسەلەیەکی حەیاتیە بۆ کۆنگرەی ئازادی عێراق ئەگەر بیەوێ بگۆڕێ بۆ هێزێکی جەماوەری گەورە لە کۆمەڵگەی عێراق و بەدیهێنانی ئامانجەکانی. کۆمەڵگەی عێراق پڕە لەچەتەو هێزی چەکدار وەهەریەك لەوانە هەوڵی سەپاندنی وەحشیگەریو کەلتورە دژە ئینسانیەکانی خۆی ئەدا بەسەر کۆمەڵگەدا، بۆیە کۆنگرەی ئازادی عێراق ناتوانێ ئەم چەتانە بخاتە لاوەو جەماوەری عێراقیان لێ ڕزگار بکات بەبێ ئەوەی ببێتە هێزێکی سەربازی بەتواناو تێکەڵ بەجەماوەر.

**ئەو مەرج و پرەنسیپانە چین بۆ وەرگرتنی کەسێك لەهێزی ئەماندا، وەچۆن ئامادە ئەکرێن دوای وەرگرتن وبوونیان بەئەندام تیایدا؟**

سەمیر عادل: هێزی ئەمان پێکدێ لەدووبەش/ بەشی یەکەمیان حرفەییەکان وبەشی دووەمیان خۆبەخشەکان، لەبەشی یەکەمدا چاوپێکەوتن لەگەڵ کەسەکان ئەکرێ هەریەك بەجیا، وەلەچاوپێکەتنەکەدا لانی کەم سێ تا چوار لەئەندامانی مەکتەبی تەنفیزی کۆنگرە ئامادە ئەبێ، وەنابێ ئەو کەسەی کەداوای پێشکەش کردوە تەمەنی لەهەژدە ساڵ کەمتر بێت و دەبێ نووسین و خوێندنەوە بزانێ، وەچەند پرسیارێکی لێئەکرێ دەربارەی کوشتن لەسەر هەویە و چۆنێتی بۆچوونی شەخصی کەسەکە لەڕووداوەکانی عێراق و چەندایەتی باوەڕی ونزیکایەتی بۆچوونی بەمافەکانی مرۆڤەوە وەدەربارەی توانا بەدەنی و سەربازیەکان کەهەیەتی، وەپێویستە ئەوکەسەی کەداوا پێشکەش ئەکا بۆئەندامەتی لەهێزی ئەمان مەیلی تایفی ومەزهەبی و قەومی نەبێت، واتە پێویستە ئامادەبێت بۆ دیفاع لەمرۆڤ لە

هەر شوێنێکی عێراقدا بەدەر لە پێکهاتەی تایفی و مەزهەبی و قەومی، دوای تێپەڕاندنی چاوپێکەوتنەکە، کۆڕێك یان دوو کۆڕیان بۆ ئەبەسترێ دەربارەی بەرنامەی کۆنگرەی ئازادی عێراق وسیاسەتەکانی کۆنگرە وبارو دۆخی سیاسی عێراق و گرنگی یەکانی پێك هینانی هێزی ئەمان. وەهەر کەسێك بۆچوون وسیاسەتەکانی کۆنگرەی قەبوڵ بوو ئەگوێزرێتەوە بۆ بەشداری لە دەورەیەکی سیاسیـ ڕۆشنبیری بۆ هێزی ئەمان کە 4 ڕۆژ ئەخایەنێ وە سێ سەعات لە هەر ڕۆژێکدا وە ئەو باسانەی کە ئەم دەورەیە لە خۆی ئەگرێ وەکو وتمان بریتی یە لە چەند باسیك لە سەر _ کۆنگرەی ئازادی عێراق، بارو دۆخی سیاسی عێراق، شەڕی قەومی وشەڕی تایفی، جاڕنامەکانی مافی مرۆڤ، بۆ چی هێزی ئەمان پێك ئەهێنرێ، ڕاگەیاندن و ڕاگەیاندنی بە کرێ گیراو و... تاد. دوا بە دوای بڕینی دەورەکە جل و بەرگی تایبەت بەهیزی ئەمانیان بە سەردا دابەش ئەکرێ، دوای ئەوە چالاکیەکانی لە چەند گەڕەکێکی عێراق دەست پێ ئەکا، وە دوو کەس لە ئەندامانی مەکتەبی تەنفیزی یاوەری هێزی ئەمان ئەبن و ڕوونکردنەوە ئەدەن بە خەڵکی بۆ ئەوەی نە کەونە زەلکاوی شەری تایفی لە لایەن چەتە تایفی یەکانەوە، وە باسی ئەوە ئەکەن کە دوژمنی ئێوە هاوسێکانتان نین کە چەندین ساڵ پێکەوە ئەژین و پێکەوە نەهامەتی شەڕەکان و ئابلۆقەی ئابووری و داگیرکردنتان چەشت، بەڵکو دوژمنی ئێوە هێزی داگیرکەر وچەتە تایفیەکانە، وە ڕووی لولەی چەکەکانتان مەکەنە براکانتان و هاوسێکانتان، پەیوەست بن بە کۆنگرەی ئازادی عێراقەوە، ڕیزەکانی خۆتان لە هێزی ئەماندا یەکبخەن بۆ دیفاع لە ئەمنیەت و سەلامەتیتان، کۆنگرەی ئازادی عێراق لە پێناوی ئێوەدا هێزی ئەمانی پێك هیناوە وە ئێوەش پەنای بۆ بەرن بۆ دیفاع لە خۆتان.

دوای هەموو چالاکیەك، وۆرك شۆپێك بۆ هێزی ئەمان ساز ئەدرێ بۆ ئەوەی خاڵە لاوازو بەهێزەکانی ئەو چالاکیەی تیا هەڵبسەنگێندرێ وە خەسڵەتەکانی هێزی ئەمان کە ڕاهاتوون لە سەری، ئارامی لە تەعامول لەگەڵ خەڵك، ڕێز گرتن لە کەرامەتی هەرکەسێك کە لەگەڵی ئەدوێن، دروست کردنی کەش وهەوایەك لە لای ئەو کەسانەی کە لەگەڵی ئەدوێن بۆ هەست کردن بە ئەمان، دروست کردنی کەش و هەوایەك لە بەینی ئەو خەڵکانەی کە لە ناویاندایە بۆ هەست کردن بەوەی کە بەشێکن لەوان وەئالیەتی ئەوانە.

دەرکەوتن بە جل و بەرگی پاك وجوان بۆ ئەندامانی هێزی ئەمان، بڵاوبونەوەی سەربازی ووردو وریا، هەرکەسێك لە هێزی ئەمان سەرپێچی بەندەکانی بەرنامەی کۆنگرە یان پەیڕەوی ناوخۆی هێزی ئەمان بکات، ئەوا ئەندامەتی لە هێزی ئەمان لێوەردەگیرێتەوە.

بەڵام بەشی دووەم خۆبەخشەکان ئەوا پێویستە ئەمانیش بچنە هەمان دەورەی سیاسی ڕۆشنبیریەوە کە پێشتر باسمان کرد وە هەموو بەندەکانی پەیڕەوی ناوخۆی هێزی ئەمانیان بەسەردا فەرز ئەبێ، وە بە ڕاستی پۆلێك لە خۆبەخشەکان لە دەورەی یەکەم دەرچوون وهەمان ئەو مەرجانەی کە حیرفەییەکانی گرتەوە ئەوانیشی گرتەوە.

**هێزی ئەمان هەستا بە چەند چالاکیەك لە چەند گەڕەکێکی شاری بەغدا، ئەتوانن هەندێك لەو چالاکیانەمان بۆ باس بکەن وە مەبەست لەم چالاکیانە چی بوو؟**

سەمیر عادل / ڕاستە هێزی ئەمان هەستا بە ئەنجامدانی چەند مانۆڕێکی مەیدانی و سیاسی لە گەڕەکی شێخ مەعروفی پیشەسازی وە وەکو ئەزانن ئەمە ترسناکترین گەڕەکە لە بەغدا، وە هەروەها لە گەڕەکی عیوازیەو حەی عەسکەری، گەڕەکی 112 و کەرەنتینە وە ئەو گەڕەکەی کە سەفارەتی لوبنانی تێدایە، وە هەروەها هەستا بە سەردانی پەیمانگای پیگەیاندنی مامۆستایان و چەندین قوتابخانەی سەرەتایی. وە هەستا بە ئابڵوقەدانی ئەو گەڕەکەی کە پەیمانگای پیگەیاندنی مامۆستایانی ڕەصافەی لێیە دوای ئەوەی کە چەند شکایەتێکمان بۆ هات کە گوایە بۆمبی چێنراو لەوێ هەیە، وە ڕێگەکەی بڕی و ڕێگری کرد لەو کەسانەی کە بەوێدا تێپەڕ ئەبوون بۆ ئەوەی نزیك نەبنەوە لەو شوێنە نەوەك بتەقێتەوەو کەسانیك ببنە قوربانی. وەهێزی ئەمان بۆ هەر کوێیەك ڕۆشتبێ خەڵك بەگەرمی پێشوازی لێ کردووە وە بە بۆنەی ئەمەوە خەڵکێکی زۆر پەیوەندیان کردووە بە کۆنگرەی ئازادی عێراقەوە، وە سەرۆکی ئەنجومەنی ناوچەی عیوازیە داوایکرد کە چالاکییەکانی هێزی ئەمان فراوانتر بکرێتەوە، وەهەمان داوا لە لایەن ئەندامانی ئەنجومەنی هەمان گەڕەکەوە پێشکەش کرا. وەداواکاری لە لایەن نوێنەرانی خاوەن دوکان و وەرشەکانی گەڕەکی صناعەی بەیاعەوە کە زیاتر لە 2500 دوکان و وەرشەی تیایە و زیاتر لە 10000 کرێکار ئیشی تیا ئەکات پێشکەش کراوە، بۆ پێك هێنانی هێزی ئەمان بۆ پارستنیان و پاراستنی کرێکاران لە گەڕەکی ناوبراو، وەهەروەها پەیوەست بوون هەیە بە هێزی ئەمانەوە بە شێوەی خۆبەخش، وە پێشتر ئیشارەتم بەوە کرد کە باسی چیمان لەگەڵ ئەو خەلکە کرد کە چاومان پییان ئەکەویت.

مەسەلەی نەبوونی ئەمنیەت وتیك چوونی شیرازەی ژیان بووەتە مەشغەڵەی جەماوەری عێراق و کۆنگرەی ئازادی عێراق بڕیاری داوە کە بەکردەوە وەڵام بەم خواستە جەماوەریە بداتەوە.

**کار و نەخشەکانی ئایندەتان چییە بۆ هێزی ئەمان؟**

سەمیر عادل: پێشووتر وەڵامی ئەم پرسیارەم دایەوە بەڵام بە کورتی وە جارێکیتر تەئکیدی لەسەر ئەکەمەوە، مەکتەبی تەنفیزی بەڵگەنامەیەك بڵاوئەکاتەوە کە لە هەمان کاتدا بەیانی پێکهێنانی هێزی ئەمانی لەگەڵدایە. وەهەروەها بەم زووانە پەیڕەوی ناوخۆی هێزی ئەمان دەرئەکا. پێکهێنانی هێزی ئەمان بەدوو بەش ئەبێ، حرفەیی و خۆبەخش وە هەردووکیان پەیوەستن بە مەکتەبی تەنفیزی یەوە. ئەم هێزە سەربەخۆ هیچ کارێك ناکا بەڵکو بەندەکانی بەرنامەی کۆنگرەی ئازادی عێراق جێبەجێ ئەکات، وە راستەوخۆ بە تەوجیهاتی مەکتەبی تەنفیزی . وە ئەم هێزە لەو خەڵکانە پێکدێ کە لە گەڕەکەکانی خۆیانن بەومانایە هێزێك پێك ناهێنرێت لە گەڕەکێکداو دوایی بچێتە گەڕەکێکی تر وەکو ئەوەی هێزە چەکدارەکانی سەربە ئەحزابە قەومی و دینیەکان و هێزە تایفی یەکان پێی هەڵئەسن بۆ ئەوەی بکوژن و سەربڕن بە بێ ئەوەی بناسرێن، وە هێزی ئەمان هەڵئەسێ بە پاراستنی ئەو خەڵك و گەڕەکانەی کە تیایدا ئەژین وتیایدا ڕێکخراون، وەکو پێشووتریش باسم کرد هێزی ئەمان بەرنامەی کۆنگرەی ئازادی عێراق وەکو قانون و وەکو دەستور لەو گەڕەکانەدا پەیڕەو دەکا. وەهێزی ئەمان هەوڵ ئەدا لەو گەڕەکانەی کە بوونی هەیە تیایدا خەڵك و دانیشتوانەکەی ڕێکبخاو پەیوەستیان بکا بە ڕیزەکانی خۆیەوە و هەوڵئەدا کە ئەندامانی کۆنگرە پەیوەست بکا بە ڕیزەکانی هێزی ئەمانەوە. تاقیکردنەوەمان لەماوەی کەمتر لەمانگێکدا دەریخستووە کە جەماوەر و کۆمەڵگا پێویستی بەم ئالیەتە هەیە، هەرئەمەشە کە کۆنگرە ناچاردەکا بەوەی ئەم هێزە گەشە پێبدا، لە ڕێگەی ئەو نموونانەوە کە باسمان کرد.